وەحی بۆ سەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دادەبەزی لە بەیانیەکی سارددا، وپاشان نێوچەوانی بە چڕی ئارەقی لێدەهاتە خوارەوە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «وەحی (سروش) بۆ سەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دادەبەزی لە بەیانیەکی سارددا، وپاشان نێوچەوانی بە چڕی ئارەقی لێدەهاتە خوارەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە وەحی دادەبەزی بۆ سەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە بەیانیەکی سارددا، وئارەق بە چڕی بە پێشەوەی نێو چەوانی دەهاتە خوارەوە ئەمیش بەهۆی سەختی وقورسی دابەزینی وەحی بۆ سەر لاشەی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10842